## سێبەری ئازادی

کتێبی "سێبەری ئازادی – هەوراز و نشێوەکانی مێژووی خەباتی کۆمەڵەی ژێکاف" نووسینی کاک "کەماڵ عەبدوڵلاهی"م خوێندەوە. بەختەوەرم کە رۆڵەکانی گەلی کورد ئێستا پێگەییشتوون و ئەو ئەرک و کارانەی وا 50 ساڵێک پێش ئێستا بێگانە دەیانکرد و ئێمە چاو لەدەستی ئەوان بووین، ئێستا لاوەکانمان دەیکەن.

کتێبەکە هەڵسەنگاندنی رۆژنامە و گۆڤار و راگەیاندن و کتێب و بەڵگەنامەی پەیوەندیدار بە کۆمەڵەی ژێکاف و لە رێگای ئەوانەوە، رووناکی خستنێکی سەر مێژووی پڕ تەم و مژی کۆمەڵەی ژێکاف و چۆنیەتی هەڵوەشانەوە و توانەوەیەتی لەناو حزبی دیموکراتی کوردستاندا لە ساڵی 1945.

نووسەر فەسڵێکی تایبەت بە سەر هەڵدانی کۆمەڵە نەکردوە - گەرچی لە بەشە جیاجیاکانی کتێبەکەدا ئاماژەی پێکردوە، ئەوەش وا دەگەێینێت کە نیازی سەرەکی لە پێکهێنانی کتێبەکە، هەر لێکۆڵینەوەی مەسەلەی هەڵوەشانەوە بووبێت و هەر بۆیەش جەختی لەسەر دواژمارەی گۆڤاری نیشتمان و تاکە ژمارەی ئاوات کردوە.

لە کتێبەکەدا گەلێک جار ناوی بۆکان و رووداوەکانی بۆکان و کەسایەتییە بۆکانییەکان هاتووە بەتایبەت لە لاپەڕە 231 تا 253 (بەشی 5) دا ناوی ئەم کەسایەتییانە و ناوی نهێنییان راگەیێنراوە :

12. حاجی رەحمان ئاغای ئێلخانی زادە - **"برای ڕاست"**
13. عەبدولرحمانی شەرەفکەندی – **"ع. هەژار"** (ئەودەم لە بۆکان ژیاوە)
16. عەبدولقادری دەباغی – **"سیامەک"**(ئەودەم لە بۆکان ژیاوە)
25. حەسەنی قزڵجی - **"ح. خەمناک" و "ح. قزڵجی"**
26. محەمەد سادق قزڵجی – **"م. ص. قزڵجی"**
28. محەمەد نووری(گڵۆڵانی) – **"عەتری"**
34. عەباسی حەقیقی – **"ع. هونەر"**
39. سەعیدی هومایون – **"ئاگری"**
40. مەلا ئەمجەدی عوسمانی – **"کاک"**
59. سمایلی فەڕڕوخی – **"ئا. ف. پرشینگ"**
67. مەلا مارفی کۆکەیی - **شاعیرێکی بە ناوبانگ ، بویژێکی بە ناوبانگ** (بە ڕەچەڵەک کۆکەیی)
72. خالید حیسامی – **"خ. شێواو"**

لە دەستەی لاوانی کۆمەڵەی ژێکافیش:

18. میرزا ئیبراهیمی ئەفخەمی – **"رووناک"**

لە لاپەڕە 247 دا ناوی **"ق. چۆبینە"** بە کاک قاسمی وەتەمیشی یا قادری حەمیدی دراوە، کە هەڵەیە و نازناوی قاسم ئاغای ئێلخانی زادە یە. هەروەها **"پشتیوان"** نەزانراوە نازناوی کێیە و ئێمە دەزانین هی سمایل ئاغای ئێلخانی زادە یە.

**"ئاریز"** یش واهەیە ناوی نهێنی "میرزا عەلی سەمیمی" (خێرویژ) نووسەری سەردار حەمە حسین خانی بۆکان و خەڵکی سنە بێت، کە دواتر لە گوندی "قەڵەندەر"ی فەیزوڵڵابەگی کۆچی دوایی کرد. *(بڕوانە بەشی 120 ی ئەم زنجیرە وتارانە).*

هەروەها لە لاپەڕە 248 دا **"ئا. ک. مرۆ 67"** نەزانراوە ناوی نهێنی کێ بووە، کە ئەویش دەبوو بزانرایە یەکەم ناوی نهێنی حاجی رەحمان ئاغای ئێلخانی زادە بووە و پاشان گۆڕیویە و کردوویە بە **"برای ڕاست":** ئەوەش بەڵگە :

**لە "مرۆ" ئاخۆ "برای ڕاست" ماون؟**

هەژار – بەرەو موکریان

بە کورتی کتێبەکە بایەخێکی گرنگی بەڵگەیی هەیە و ئەوانەی خوارەوە ژمارەی لاپەڕەیەکن کە باسی بۆکان یا کەسایەتی بۆکانییان تێدا کراوە :

26، 40، 43، 52، 119، 135، 136، 145، 146، 160، 176-175، 180، 215، 232-249، 253-251، 255، 378-377، 395-394، 422،408 ، 430، 439، 440، 444، 448، 452، 458.

کەماڵ عەبدوڵڵاهی، "سێبەری ئازادی – هەوراز و نشیوەکانی مێژووی خەباتی کۆمەڵەی ژێکاف 1321-1324"، بنکەی ژینی سلێمانی، 2008، 473 لاپەڕە، کوردی.